پارە بە بەخشین کەم ناکات، وهەربەندەیەک ستەمێکی لێبکرێت وئارام بگرێت لەسەر ستەمەکە ئەوا خوای گەورە زیاتر شکۆداری دەکات، و هەربەندەیەک دەرگای داوا کردن (لە خەڵکی) بکاتەوە ئەوا خوای گەورە دەرگای هەژاری لەسەر دەکاتەوە

لە ئەبی کەبشە عەمرو کوڕی سەعدی ئەنماریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند دەخۆم بە خوای گەورە سەبارەت بە سێ شت کە پێتان دەڵێم و لەبەری بکەن: پارە بە بەخشین کەم ناکات، وهەربەندەیەک ستەمێکی لێبکرێت وئارام بگرێت لەسەر ستەمەکە ئەوا خوای گەورە زیاتر شکۆداری دەکات، و هەربەندەیەک دەرگای داوا کردن (لە خەڵکی) بکاتەوە ئەوا خوای گەورە دەرگای هەژاری لەسەر دەکاتەوە، وقسەیەکتان پێدەڵێم لەبەری بکەن» فەرمووی: «ئەم دونیایە بۆ چوار (کۆمەڵە) لە خەڵکی: بەندەیەک خوای گەورە سامان وزانستی (شەرعی) پێبەخشی بێت، بۆیە لە خودا دەترسێت (تەقواداڕە) وپەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت، ودەزانێت خودا مافی هەیە بەسەریەوە لەو شتانەدا، ئەمە باشترین پلەیە، وبەندەیەک خوای گەورە زانستی (شەرعی) پێی بەخشیووە بەڵام سامانی پێنەبەخشیووە، نیەتی ڕاستگۆیە، دەڵێت: ئەگەر سامانم هەبووایە وەکو کردەوەی فلّانم دەکرد، بەگوێرەی نیەتەکەیەتی، پاداشتیان وەکو یەکە. وبەندەیەک خوای گەورە سامانی پێبەخشووە بەڵام زانستی (شەرعی) پێی نەبەخشیووە، بۆیە سامانەکەی بە فیڕۆ دەدات بە بێ زانست، لە خودا ناترسێت وپەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنێت، مافی خودا نازانێت (سەبارەت بەوەی پێی بەخشیووە)، ئەمە خراپترین پلەیە. وبەندەیەک خوای گەورە نە سامانی پێبەخشووە نە زانستی (شەرعی)، دەڵێت: ئەگەر سامانم هەبووایە وەکو کردەوەی فلّانم دەکرد (لە خراپەکاریدا)، ئەوان لە تاواندا یەکسانن».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

سێ سیفەت وتایبەتمەندی هەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی لەسەریان خواردووە، وپاشان شتێکی تری بۆیان باسکرد، ئەم سیفەت وتایبەتمەندیانەش بریتین لە: 1- (پارە بە بەخشین کەم ناکات): واتا بەڕەکەتی پارەکە زیاد دەکات ئەمیش بەهۆی خێرکردن وبەخشینەوە. 2- (وهەربەندەیەک ستەمێکی لێبکرێت وئارام بگرێت لەسەر ستەمەکە ئەوا خوای گەورە زیاتر شکۆداری دەکات): هەرستەمێک بێت ئەگەر جۆرێک لە زەلیلکردنی تێدا بێت ئەوا خوای گەورە شکۆدار وسەربەرزی دەکات وستەمکار سەرشۆڕ دەکات لە دونیا وقیامەتدا ئەگەرچیش لە دونیادا نەبینێت بەڵام لە ڕاستیدا سەرشۆڕە چونکە سزا لە پێشیدایە لە قیامەت. 3- (و هەربەندەیەک دەرگای داوا کردن -لە خەڵکی- بکاتەوە ئەوا خوای گەورە دەرگای هەژاری لەسەر دەکاتەوە): واتا داوا لە خەڵکی بکات وسواڵ بکات نەک بەهۆی پێویست بوونیەوە بەڵکو بەهۆی ئەوەی زیاتر دەوڵەمەند بێت ئەوا خودا زیاتر هەژاری دەکات بەوەی دەرگای پێویست بوون لە لایەکی تریەوە لەسەری دەکاتەوە یان نیعمەتێکی لێدەسێنێتەوە. وپاشان باسی چوار جۆر لە خەڵکی کرد: 1- (بەندەیەک خوای گەورە سامان وزانستی -شەرعی- پێبەخشی بێت، بۆیە لە خودا دەترسێت -تەقواداڕە- وپەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت): واتا لە خودا دەترسێت وئەم سامانە بەو شێوەیە خەرجدەکات کە خودا پێی ڕازییە ولە شتێک خەرجی ناکات کە ببێتە هۆی تووڕەبوونی خودا، وکردەوە بەو زانستە دەکات کە هەیەتی، وپەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت، ئەمە باشترین پلەیە. 2- وبەندەیەک خوای گەورە زانستی -شەرعی- پێی بەخشیووە بەڵام سامانی پێنەبەخشیووە، نیەتی ڕاستگۆیە، دەڵێت: ئەگەر سامانم هەبووایە وەکو کردەوەی فلّان کەسی یەکەمم دەکرد، بەگوێرەی نیەتەکەیەتی، پاداشتیان یەکسانە. 3- (وبەندەیەک خوای گەورە سامانی پێبەخشووە بەڵام زانستی -شەرعی- پێی نەبەخشیووە): بۆیە پارەکەی بە بێ زانست خەرجدەکات وگوێ بەوە نادات خودا پێی ڕازییە یان نا، ولە

خودا ناترسێت لەم خەرجکردنەدا، وپەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنێت، وگوێ بە مافەکانی خودا نادات سەبارەت بەو شتانەی پێی بەخشیووە، ئەمە لە خراپترینی پلەکانە. 4- وبەندەیەک خوای گەورە نە سامانی پێبەخشووە نە زانستی - شەرعی-، دەڵێت: ئەگەر سامانم هەبوایە وەکو کردەوەی کەسی سێیەمم دەکرد (لە خراپەکاریدا)، ئەوان لە تاواندا یەکسانن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5833